# لەشوێنی کار وئیشەکەت

# بەچ شێوەیەک بانگەواز بۆ لای خوای گەورە دەکەیت؟

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئامادەکردنی : عەبدوالسلام موحەمەد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( أساليب الدعوة إلى الله تعالى في مكان العمل والوظيفة )

« باللغة الكوردية »

إعداد : عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# لەشوێنی کار وئیشەکەت

## بەچ شێوەیەک بانگەواز بۆ لای خوای گەورە دەکەیت؟

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

خۆشەویستان بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا چەند هەنگاو وهۆکارێك دەخەینە بەردەم ئێوەی بەرێز وخۆشەویت کە پاش پشت بەستن بەپەروەردگاری باڵادەست إن شاء الله سوود مەند دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کەئاوات وئامانجیان گەیاندنی ئەم ئاینە پیرۆزەیە بەجوانترین شێوە بەکەسانی تر :

**یەکەم :** بەڕەوشتی جوان وشیرین :

ئەبێت بانگخوازی خۆشەویست بزانێت ئەبێت خوو ڕەوشتی زۆر جوان وشیرین بێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاوکاری ئەون لەو جێگایەی کە بەیەکەوەن وسەرگەرمی کارکردنن، پێغەمبەری ئازیزیش فەرموویەتی : " **إنما بعثتُ لأتممَ مكارم الأخلاق** " { أخرجه الحاكم في المستدرك (٣١٣/٢) ، وصححه الألباني في برقم ٤٥ } واتە : من بۆ ئەوە نێرراوم لای خوای گەورەوە کە ڕەوشتە جوان وشیرینەکان تەواو بکەم .

کەواتە ئەوەی بە ڕەوشتی جوان ئەکرێت وکاریگەری دەبێت لای کەسانی تر زۆر زیاترە لەکاریگەری قسەکردن .

**دووەم :** ئیخلاص ودڵسۆزی بۆ ئەو کارەی کە پێت سپێرراوە ولێپرسراوی بەرامبەری، بەشێوەیەك ببیت بە سەرمەشقی خێر بۆ خەڵکانی تر، چونکە نواندنی ئیخلاص لەکارەکەتدا خۆی لەخۆیدا بانگەوازێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ کەسانی تری هاوکارت کە ئەوانیش چاو لەتۆ و لە ڕاستگۆی ودڵسۆزی تۆ بکەن بۆ کارەکەیان، ئەمەش خۆی بۆخۆی یەکێکە لەو کارانەی کە پەروەردگار فەرمانی پێکردوە، وەك لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە : " **إن الله يحب أحدكم إذا عمل عملا أن يتقنه** " { صححه الالباني ٣ /١٠٦} واتە : بەڕاستی خوای گەورە ئەو کەسەی لە ئێوە

خۆش دەوێت ئەگەر هەرکارێکی کرد بە دڵسۆزی ئەنجامی بدات .

**سێهەم :** گرنگی دان بەئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەو دەزگا یان ئەو دائیرەیەی کە تۆی تێدا کار دەکەیت، بەبێ ئەوەی کەسانی خوار ئەوانیش پشتگوێ بخەیت، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار: **١)** پەیداکردنی متمانە بەتۆ **٢)** پاشتر گرنتی ئەوەت دەبێت کە لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو نەبیتەوە، وە نەبن بەبەربەست لە ڕێگاتدا .

**چوارەم :** هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانە وخۆشەویستیان: چونکە تۆ بە ئەندازەی ئەوەی کە بتوانیت ببیت بە جێگای متمانەی ئەوان وخۆشیان بوێیت، بەو ئەندازەیەش زیاتر گوێڕایەڵت دەبن وجێگای خۆت لەدڵیاندا دەکەیتەوە، ئەم متمانە وخۆشەویستیەش بەچەند شتێك دەبێت، بۆ نموونە لێبووردنت هەبێت بەرامبەر هەڵەیەك یان قسەیەکی ناخۆش کە دەکرێت بەرامبەرت، هاوکاریان بکەیت لەچارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانیاندا، وە ئەگەر دەسەڵاتت هەبوو هاوکاری هەژارەکانیان بکەیت بەئەندازەی توانای خۆت، ئەگەر داوای ئامۆژگاریان لێکردیت ئامۆژگاریان بکەیت، هاوبەشی خۆشی وناخۆشیان بیت، لە بۆنەو ئاهەنگەکانیاندا دیارییان بۆ بکڕیت ئەگەر بەشتێکی سادەو ڕەمزیش بوو بێت، ئەمانە وغەیری ئەمانەش کە هۆکارن بۆ دروستکردنی پردی متمانە لە نێوان تۆ وئەوانی تردا، لەبیرت نەچێت لەسەروو گشتیەوە ئەم کارانەت با لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت نەك پەیداکردنی ناو وناوبانگی خۆت .

**پێنجەم :** باهەمیشە ووتە وگوفتارت هاوتا وتەریب بن لەگەڵ کار ورەوشتی ڕۆژانەتدا، بۆ ئەوەی ڕاستگۆی تۆ بسەلمێت لای هاوکارەکانت کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام تەنها هەر قسە نیە، بەڵکو دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەشدا ڕەنگ بداتەوە وببێت بە خەسڵەتێکی جودا نەبوەوە، چونکە ئەو کەسانەی ووتار وگوفتاریان یەك ناگرنەوە لەگەڵ ڕەوشت وهەڵسوکەوتیاندا، لای خەڵکی خۆشەویست نین وگوێش ناگرن بۆ ئامۆژگاریەکانی، خوای گەورەش خەسڵەتی لەم جۆرەی بە تاوانی گەورە لەقەڵەمداوە، وەك دەفەرموێت:( **كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ** ){ الصف : ٣}

واته : ئای چەند تاوانێکی گەورەیە لای خوای گەورە کە شتێك بیڵێن وخۆتان ئەنجامی نەدەن .

**شەشەم :** بەپێ توانا هەوڵبدەیت کۆمەڵێك نامیلکە وکاسێتی بەسوود بدەیت بەو کەسانەی کە گوێ لە ئامۆژگاریەکانت دەگرن، دەبێت لەم کارەشتدا ڕەچاوی ئاستی هاوکارەکانت بکەیت وبەپێی ئاستی ڕۆشنبیری ئەوان ئەو نامیلکە وکاسێتانەیان بدەیتێ، چونکە ئەگەر ڕەچاوی ئەم خاڵە نەکەیت ئەوکاتە زیانی دەبێت وەك لەوەی قازانجی ببێت...

جا برای خۆشەویست ئەم کارەش بەسووك سەیر مەکە چونکە کەسی واهەیە خوای گەورە بە نامیلکەیەك یان بە ووتاری مامۆستایەك هیدایەتی دراوە وگەڕاوەتەوە و وازی لەخراپەکاری هێناوە، ئەوەش بزانە ئەگەر کەسێك لەسەر دەستی تۆ خوای گەورە هیدایەتی بدات لە هەموو سەروەت وسامانی دونیا بۆت باشترە لە ڕۆژی قیامەتدا .

**حەوتەم :** ئەگەر بۆت کرا وئیمکان هەبوو بتوانیت بڵاوکراوەیەکی هەڵواسراو ئەگەر مانگانەش بێت بنووسیت بۆ هاوکارەکانت، کە زیاتر ئەو بابەتانە لەخۆ بگرێت کە ئەوان پێویستیانە لە شارەزا بوون لە ئاینەکەیان وەك بابەتی : پاك کردنەوەی دڵ ودەروون لە خراپە وخراپەکاری ( تزکیة النفوس ) هەروەها ئەو فەتوایانەی کە پەیوەستن بەو پرسیارانەی کە لە ڕۆژانەدا ڕووبەڕووت دەبنەوە، یان بڵاوکردنەوەی چەند ووتارێکی بانگخوازانە، هەموو ئەمانەش دەبێت بەزمانێکی سادە وئاسان بنوسرێت بۆ ئەوەی هەموو کەس لێی تێ بگات، سەرەڕای هەموو ئەمانە ماوەیەك تا ماوەیەکی تر شێواز وتصمیمی ئەم بڵاوکراوەیە بگۆڕیت بۆ ئەوەی هاوکارەکانت هەست بە نوێ گەری بکەن لە شێوازتدا .

**هەشتەم :** بە زەردەخەنەوە پێشوازی بکەیت لە هاوڕێ وهاوکارەکانت، چونکە ڕووی خۆش وزەردەخەنە کلیلی دڵی کەسی بەرامبەرتە، پێغەمبەری ئازیزیشمان ( صلی الله علیه وسلم ) ڕاستی فەرمووە کە دەفەرموێت : **" تبسمك فی وجه أخیك**

**صدقة "** { أخرجه الترمذي في أبواب البر والصلة عن رسول الله - باب ماجاء في صنائع المعروف - برقم ٢٠٢٢،وقال الألباني حديث حسن ٢ /١٦٦} واتە زەردەخەنە وڕووخۆشی بەدەم براکەتەوە خێر وچاکەیە .

**نۆیەم :** پێشوازی کردنیان لەکاتی بەیەك گەشتن بە سەلام وقسەی خۆش، هەوڵبدە هەمیشە تۆ دەست پێشخەر بێت لەسەلام کردن لێیان، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : **" لا تدخلوا الجنة حتى تؤمنوا ولا تؤمنوا حتى تحابوا، أفلا أدلكم على شيء إذا فعلتموه تحاببتم أفشوا السلام بينكم "** { أخرجه أبو داود فى كتاب الأدب برقم ٥١٩٣ وصحيح ابن ماجة برقم ٥٧ } واتە : ناچنە بەهەشتەوە هەتاوەکو باوەڕتان نەبێت، باوەڕیشتان نابێت هەتاوەکو یەکتریتان خۆش نەوێت، ئایا شتێکتان پێ بڵێم کە ئەگەر بیکەن یەکتریتان خۆش بوێت؟ سەلام لەناو خۆتاندا بڵاو بکەنەوە - واتە سەلام لەیەکتر بکەن ، جا کاتێکیش ئەگەر ئەوان دەست پێشخەریان کرد لەسەلام کردن تۆ هەوڵبدە بەجوانترین شێوە وەڵامیان بدەیتەوە، چونکە وەڵامدانەوەی سەلام واجب ومافێکی براکەتە بەسەرتەوە، خوای گەورەش فەرمویەتی : ( **وَإِذَا حُيِّيتُمْ بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا** ) { النساء : ٨٦ } واتە : هەرکاتێك سەلامیان لێکردن بەجوانتر لە سڵاوەکەی ئەو یاخود وەکو خۆی وەڵام بدەنەوە ، بێگومان خوای گەورە لە هەموو شتێك دەپرسێتەوە .

**دەیەم :** بەشداری کردن لە خۆشی وناخۆشیاندا، بەخۆشیان دڵشاد وخۆشبەخت بیت وپیرۆزبای لە بۆنە ومناسباتەکانیان بکەیت، وە پیرۆزبایی لەوەیان ژن دەهێنێت، یان شوو دەکات، یان پیرۆزبایی لێ کردنیان بەبۆنەی منداڵ بونیانەوە، یان هەر بۆنەیەکی تر کە لەئیسلامدا ڕێگای پێدرا بێت پیرۆزباییان لێ بکەیت وەك جەژنی ڕەمەزان وقوربان، دیسان بە تەعزیە وناخۆشیان خەم بار بیت وسەرەخۆشیان لێ بکەیت، یان سەردانی نەخۆشیان بکەیت و دوعا ونزای خێر وشفایان بۆ بکەیت لای خوای گەورە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : **" مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثل الجسد الواحد إذا اشتكى له عضو تداعى له سائر**

**الجسد بالسهر والحمى** " { أخرجه مسلم برقم ٢٥٨٦ } واته : نموونەی باوەڕداران لەنێو خۆیاندا، وەك یەك لاشەی مرۆڤ وان كاتێك ئەگەر ئەندامێكی ئەو لاشەیە نەخۆش بكەوێت یان تووشی ئازارێك ببێت تەواوی ئەندامەكانی تر ئازاریان پێ دەگات وبە ئێشی یەكتر دەزانن .

**یازدەیەم :** سەردانی كردنی تاكە كەسی : بەو مانایەی جارناجارێك هەلی گونجاو بۆ خۆت بڕەخسێنە سەردانی ماڵی ئەو كەسانە بكە كە ئومێدی خێرت پێیان هەیە ودەزانیت دەبن بە پشتگیرت لەو كارەی كە تۆ دەستت داوەتێ، چونكە ئەم جۆرە زیارەتانە پەیوەندیەكان توند وتۆڵ تر دەكات لەهەمان كاتیشدا خۆشەویستی زیاد دەكات.

**دوازدەیەم :** هەندێك جار ولەهەندێك بۆنەدا دیاری بكڕە بۆ ئەو كەسانەیان كە خۆت بەگونجاوی دەزانیت، یان مەرج نیە ئەم دیاری كڕینە هەر لە بۆنەكانیاندا بێت بەڵكو دەبێت بەبێ بۆنەش دیاری پێشكەش بكرێت، لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : " **تهادوا تحابوا** " { أخرجه مالك في الموطأ برقم ١٦١٧} واتە : دیاری بۆ یەكتر ببەن خۆشەویستیتان لە نێواندا زیاد دەكات .

**سیازدەیەم :** پێشكەش كردنی ووتەیەك یان ووتارێك لەو بۆنانەی كە لە دائیرەكەی خۆتدا ڕێك دەخرێت، ئەویش بە پێشكەش كردنی ئامۆژگاری كردنی بەسوود وئاراستەكردنیان بەشێوەیەك كە هەموویان متمانەیان بەهاوڕێ وهاوكارەكانی تریان هەبێت .

**چواردەیەم :** بەپێی دەرفەت وهەلی گونجاو گەر بۆت كراو لەباربوو سازادنی گەشت وسەفرە بۆ چەند جێگایەك لەگەڵ موراعات كردنی ئادابە ئیسلامیەكان وتەوجیە كردنی برادەرەكانت بەو شێوەیەی كە خوای گەورە پێی خۆشە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بە عیبادەت وپەرستن دادەنرێت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا.

**پازدەیەم :** سازدانی پێشبڕكێی هەمەڕەنگ بەشێوەیەك پرسیارەكان ڕەچاوی هەموو ئاستەكانی تێدا بكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دیاری ئامادە بكرێت بۆ ئەو كەسانەی

که وەڵامی ڕاستت دەزانن، ئەم شێوازەش خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەبانگەواز ئەگەر پرسیارەکان بەئامانجەوە بکرێن .

**شازدەیەم :** بەهەل وەرگرتنی هەندێك فورصەتی زێڕین کە لەکیس نەدرێن، بۆ ئەوەی بتوانیت لەو پەنجەرەیەوە خزمەتێکی گەورە بکەیت، وەك لەکاتی نەخۆش کەوتنی کەسێکی نزیکدا، یان مردنی کەسێکی خۆشەویست چونکە بەڕاستی ئەو جۆرە کاتانە کەسانی دەوروبەر وچوار دەورت بەچاکی گۆێت بۆدەگرن، وزەنگێکی زۆر باشیشە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی کە بێئاگان لە دین وعبادەت وخواپەرستی، ئەم ڕێگایەش تاقی کراوەتەوە و زۆریش بەسوود بووە، بەتایبەتی بۆ خزم وکەسە نزیکەکانی ئەو مردوە، بۆیە دەبینین زۆر کەس هەیە بەهیچ شێوەیەك گوێی نەداوە بە نوێژ وڕۆژوو وخواپەرستیەکانی تر، بەڵام کاتێك یەکێك لە خێزانەکەی وەفات دەکات خێرا ئەو ڕووداوە دەبێت بەزەنگێکی ئاگادارکردنەوە بۆی وبەئاگا دێتەوە، جا بۆیە زۆر پێویستە ئەو فورصەتانە لەدەست نەدرێت وئامۆژگاری وقسەی خێری خۆت بکەیت .

لەکۆتایدا ئەوەی ئاماژەمان پێکرد هەندێك بوو لەو شێواز وهۆکارانەی کە کەسی بانگخواز دەتوانێت خزمەتیان پێ بکات بە ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلام، وە نەبێت تەنها هۆکارەکان هەر ئەوەندە بن کە باسمان کردن بەڵکو زۆر هۆکاری تر هەن کە بانگخوازی ئازیز خۆی دەزانێت کامیان بەکار بهێنێت، ئەویش بە پێی لوان وگونجاوی کات وشوێنەکان ئەو باشتری لێ دەزانێت وسەیدی مەوقفە .

برای خۆشەویست لەو توانا ووزە وکۆششەی کە دەیکەیت لە صەرف کردنی ماڵ وکاتی خۆت وماندوو بونت تەنها داوای ئەجر وپاداشتت لە خوای گەورە بکە وهەرگیز بەتەمای ئەوە نەبیت کەسێك سوپاس ودەست خۆشکەریت لێ بکات، نە بە سوپاسیان زۆر دڵخۆش ببە و نە بە ئازار وتوانجیشیان دڵ گران ببە، ئەوەش بزانە ئەوەی لەسەر تۆیە ئەنجامی بدەیت کۆشش وهەوڵی خۆتە، گەیشتن بە ئەنجام وسەرکەوتنیش لەسەر خوای گەورەیە، چونکە ئەمە ڕێگا وڕێبازی پێغەمبەرانە

( عليهم السلام ) وەك دەبينيت لە قورئانی پيرۆزدا شعاری هەمووييـان بريتی بووە لە ووتنەوەی ئەم ئايــەتــە پيرۆزە : **( وَيَا قَوْمِ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مَالًا إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ )** { هود : ٢٩ } واتە : ئەی گەل وهۆزەكەم من داوای ماڵ وپاداشتتان لێ ناكەم لەبەرامبەر ئەم كارەی كەدەيكەم، بەڵكو پاداشتی من لای خوای گەورەيە، هەروەها فەرموويەتی : **( إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ )** { القصص : ٥٦} واتە : ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) تۆ ناتوانيت ئيمان وباوەڕ ببەخشيت بەو كەسەی كە خۆشت دەوێت، بەڵكو خوا هەركەسێكی بوێت دەيخاتە سەر ڕێگای ڕاست وئيمانی پێ دەبەخشێت، خوايش ئاگادارە بەوانەی كە ڕێبازی هيدايەتيان گرتۆتەبەر.

لەكۆتايدا دەپاڕێينەوە لە پەروەردگاری باڵادەست وبە ڕەحم وميهرەبان هيدايەتی هەموو لايەكمان بدات وبمان كات بە ئەداتی قەدەری خێری خۆی وبمان گێڕێت لە بانگخوازە دڵسۆز وبەوەفاكانی ڕێبازەكەی محمد المصطفى وشوێن كەوتوانی هەتا هەتايە ( ئامين يارب العالمين ) .

**وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

**والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته**